# ٣٦ ـ کلاو پشت قونانی

( ٦ ـ ٢٠ ) منداڵ بازنەبی بەرانبەر یەك دائەنیشن کە هەر یەکەیان هەنگاویك لەوی تەنیشتی دووربی . تەنیا منداڵیك نەبی ئەویش تی ئەکەوێ و لە پشت منداڵەکانا ئەسوڕێ و کلاویکی بە دەستیەوە ئەگرێ ، لە پڕ کلاوەکە لە پشت یەکێ لە دانیشتووەکاندا ئەخاتە سەر زەوی و لە سوڕانەکەی خوشی هەر ناکەوێ ، ئەگەر دانیشتووەکە زوو زانی کە کلاوەکەی لە لە پشتیدا دانراوە ، کلاوەکە بە دەستیەوە ئەگرێ و بە دووای ئەوەی تردا رائەکا کە لە پشتیەوە دایناوە ، ئەگەر گرتی پیش ئەوەی بگاتەوە جیگاکەی خوی کە کلاوەکەی لی فڕێ درابوو ئەوا سواری پشتی ئەبی تا ئەگاتەوە جیگاکەی خوی لەو جیگایەوە کە ئەی گرێ ، بەلام ئەگەر منداڵەکەی تر سوڕایەوە و چوو لە جیگای ئەودا دانیشت ئەوا منداڵە جی گیراوەکەش کلاوەکە بە دەستیەوە ئەگری و لە پشت منداڵەکاندا ئەسووڕیتەوە و لە پڕ کلاوەکە لە پشت یەکیك لە دانیشتووەکاندا ئەخاتە سەر زەوی و هەر ئەسووڕیت .

جاری وا ئەبی ئەو منداڵەی کە کلاوەکەی لە پشتیدا دانراوە هەست پی ناکا تا منداڵەکەی تر بە دەوری هەموو دانیشتووەکاندا ئەسووڕیتەوە و ئەگاتەوە جیگای کلاوەکە . ئەو منداڵەی کە کلاوەکەي لە پشتیدا دانراوە پیویستە ئەوەی تر

هەلبگری تا لە پشت هەموو دانیشتووەکاندا ئەی سوڕڕینیتەوەو ئەی بانەوە جێگاکەی خوی کە کلاوەکەی لە پشتیدا دانرابوو، کلاوەکەش بە دەستیەوە ئەگری‌و بە دەورەی دانیشـــتووەکاندا ئەسوڕڕیتەوە لە بەر ئەوەی جێگاکەی گیراو ئەویش وەکوو ئەوانەی پیشوو کلاوەکە لە پشت یەکێك لە دانیشووەکاندا ئەخاتەوە سەر زەوی‌و ...

❖❖❖❖